# فڕینێک بۆ دوور لەنێو فڕینی دووردا

غازی حەسەن
( ١- ٢ )




## پێشەکی

لای من خوێندنەوەی دەق مرۆڤ دەخاتە نێو دەریایەکی بێ بن و هەزار بە هەزار و پڕ جووڵە و ترس و ئاسوودەیی و بیرکردنەوە و ڕاچڵەکین و تەزوو بەلەشدا هاتن و شتی دیکەش. لەهەر دەقێکدا بمەوێت خۆم بدۆزمەوە، دەبێت بیر لە هەڵگەڕان بە شاخی دەقێکی هەزار بەهەزاردا بکەمەوە، دەبێت قووڵ بیر بکەمەوە، باڵ بگرمەوە، شتەکان هەست پێ بکەم و لە دووری و پانتایی و ڕەهەندە جیاجیاکانی شتەکان، ئەو شتانەی لەنێو خودی دەقەکەدا دیارن، یان دیار نین و شاراوەن بگەڕێم، باڵی هیچ وشەیەک نەکەم و نەیخەمە نێو قەفەزی بیرکردنەوەی تایبەت و کەسیی خۆم، چونکە وشە ئازادە و دەفڕێت و دوور دوور دەفڕێت، لە خەیاڵ دوورتر دەچێت و لەنێو دڵ و مێشک و هەناوی هەر یەکێکشماندا دەتوانێت هێلینێکی جوان و جیاواز و پڕ واتا دروست بکات.

(بنفیست) دەبێژێت «زمان هێمادارێکی ئابوورییانە بە مەبەستی دەستپێوەرگرتنە». (محمد سبیلا و عبدالسلام بنعبد العالي، ٢٠٢٠، ٦٨). لە لێکدانەوەیەکی وەهادا ئەوەمان بۆ ساغ دەبێتەوە کە زمانی شیعر لە ئابووری زمان و دەستپێوەگرتنیش پترە، چڕکردنەوەیەکە هەندێک جار وەک دارستانی چڕی بێ ڕێگای لێ دێت، مرۆڤ ئاگای لەخۆی نەبێت، تێیدا ون دەبێت.

ئێمە لەنیو زماندا بیردەکەیەنەوە و دەژین و پێ دەگەین، ئەگەر زمانەکەمان هەروا بێ مەبەست و بێ ئامانج و پەیام و گوتار بەکارهێنا، وەک ئەوە وایە ئاوی خواردنەوە بۆ شووشتنی ئۆتۆمۆبێل بەکاربهێنین، بەتایبەتی زمانی شیعر هێندە زمانێکی

بەبەهـا و گـران و پـڕ گەوهـەرە، نابێـت هـەروا لەختوخـۆڕا و بـێ هـۆکار و بیرکردنـەوە بـەکار بهێنرێـت، یـان ڕسـتەی زیـاد و بـێ ئـەرک و مەبەسـت بخەینـە نێـو گوتـارە شـیعرییەکانمانەوە، ئیـدی وەک پەتایەکـی کوشـندە دەقەکـە تووشـی نەخۆشـی و لـەڕی و پووکانـەوە بـکات.

## فڕینی دوور، دوور فڕینەوە

(فڕینـی دوور)ی ناسـری حیسـامی پـڕە لـە وشـە، هـەر وشـەیەکیش پـڕە لـە دەنـگ و ڕەنـگ و وێنـە و واتـا و ئـەرک و کـردار و هەسـت و جووڵـە و بـوون. شـیعرەکان کورتـن، یـان لەلاپەڕەیەکـدا جێگەیـان بووەتـەوە، کـەم شـیعری درێـژی تێدایـە، ئەمـەش بەواتـای ئەوەیـە بەئاگاییـەوە بەکارهێنانی دێڕەکان و وشـەکانی پەیـڕەو کـردووە، زمانەکـەی چـڕە، ئەگـەر دووبارەکردنـەوەی هەندێـک وێنـەی شـیعری و وشـە و دەسـتەواژەش هەبێـت، کـە ڕەنگـە بـۆ منـی خوێنـەر پێویسـتی بـە وەسـتان و لێکدانـەوە هەبێـت، بـەڵام دیسـان نەبوونەتـە هـۆکار بـۆ ناشـیرینکردنی گوتاری شـیعرەکان و دەقـەکان، هەرچەنـدە باشـترە شـاعیر پەنـا وەبـەر وێناکـردن و پەیـڤ و دەسـتەواژەی دیکـە ببـات، بەمـە پانتایـی دەقەکانـی فراوانتـر و پـڕ شـتی نوێتـر دەکات.

شیعر ئـەو شتە نالێـت، کە ئێمە دەیزانین و ئەو شتەی لەنێو بیرکردنـەوەی خۆماندا وێنای دەکەین، یان هەستی پـێ دەکەین. شیعر شتێک وێنا ناکات، کـە تەنیـا چـاو دەیبینێـت، بەڵکـوو عەقـڵ هەسـتی پـێ دەکات. لەنێـو دەقـە شـیعرییەکانی (ناسـری حیسـامی)دا، کـە دەکرێـت ڕەخنەشـی لـێ بگریـن، بـەراورد و بەیـەک بەسـتنەوەیەکیش لەگـەڵ کەشـی شـیعری هەندێـک لـە شـاعیرانی دیکەشـدا بکەیـن، بـەڵام ئـەو لـە هـەر وشـە و شـتێکدا شـتێکی جیاواز لەچـاو و بیرکردنـەوەی ئێمـەی دروسـت کـردووە، ئەمـەش پێوەنـدی بـە هەسـت و بیرکردنـەوەی گەڕانـەوە بـۆ ڕابـوردووی خـودی شـاعیرەوە هەیـە.

ناسـری حیسـامی لەنێـو بزاڤێکـی کۆمۆنیسـتی کرێکاریـدا بیـری لەنێـو بیرکردنـەوەدا هەڵێنجاوە، بـەڵام کـە شـیعرەکانی دەخوێنینـەوە بەشـێوەیەکی گشـتی (جووتیـار و وەرزێـر و گونـد و دەشـت و بـاخ و گـوڵ و دار و ڕێگـە و بەفـر و بـاران و کانیـاو و کەپـر و کـەش و ژینگـەی لادێ و دەشـتانەکی) پانتاییەکـی فراوانیـان پـێ بەخشـراوە، نـەک هـەر ئـەوە وەک ئـەوە وایـە بیرەوەرییەکانـی شـاعیر پێوەندییەکـی جەدەلـی و مێژوویـی و کولتـووری قووڵیـان لەگـەڵ ئـەم دۆخـەدا هەبێـت، کـە هەمیشـە وەک بیـرەوەری بۆیـان دەگەڕێتـەوە و لـە گێڕانەوەکانـدا بایەخیـان پـێ دەدات. ئـەو لـە فیکـر شارسـتانی و پێشـکەوتووە، بـەڵام لـە وێنـە شـیعرییەکانیدا هەمیشـە لەنێـو ژینگـەی ئـەو شـوێنانەدا دەبینرێتـەوە کـە بـە گونـد و شـاخ و ژینگـەی سروشـتی بەسـتراونەتەوە.

مـەرج نییـە هەمووـمـان وەک یـەک دەقێکـی شـیعری کارمـان لـێ بـکات، یـان وەک یـەک دەقـە شـیعرییەکە بخوێنینـەوە، یـان سـۆز و پاڵپشـتی و ڕەتکردنەوەمـان وەک یەک بێت، نەخێر پێشـکەوتن و گەشـەکردن لەوەدایـە مـن و تـۆ جیـاواز بیـن، یـان مـن و منـی ناوەخـۆم جیـاواز بیـن. بـۆ گرنگـە جیـاواز بیـن، یـان دیـد و تێگەیشـتن و لێکدانـەوەی جیاوازمـان هەبێـت؟ ئێمـە ئەگـەر بـۆ نموونـە وشـەی (ئاسـمان) بـە مانـای جیـاواز، یـان (ڕووبـاری فرمێسـک)، یـان (بەفـر) و (زریـان) و (سـووتان).. تـاد بـە مەبەسـتی جیـاواز نەبینیـن، دنیایەکـی هەمەچەشـن و ئـەرک و لێکدانـەوە دروسـت ناکەیـن.

قسـەکردن لەسـەر دەقـی شـیعر دەکرێـت بـە شـێواز و مەبەسـت و میتـۆد و بـواری جیـاواز

ئەنجام بدرێت، من دەمەوێت لە ڕوانگەیەکی چینایەتی، کۆمەڵایەتی، دەروونی، فیکری، هونەری، ستایل و فۆرم و وشە و ڕستە و مانا... تاد دەق هەڵسەنگێنم. هەیە لە گۆشەیەکی کەسی، هەشە لە دیدێکی بابەتی، هەشیانە لە بواری زمانەوانی و تەکنیکی نووسینی شیعر قسە دەکات.

## ئایدیۆلۆژیانووسی و شیعر

ناسری حیسامی وەک ئایدیۆلۆژیا شیعری نەنووسیوە تەنیا بۆ ئەوانەی لە نزیکەوە ئاشنایان بووە و کۆچیان کردووە، لە ڕوانگەیەکی جیاواز وێنای پێوەندی و هەست و بیرکردنەوەکانی خۆی بۆ کۆمەڵگە و دەووروبەر و سروشت و ژینگە و جوانی و چوونە نێو هەستە شاراوەکانی ناخ کردووە. (جەلال بەرزنجی) دەڵێت «شیعر، زیاتر هەست و خەیاڵ»ـە. (جەلال بەرزنجی، ٢٠٢٣، ١٣). (ناسری حیسامی)یش دەڵێت:

**«پەلکی ڕازم لە زمان هەڵدەوەرن حەیف و خەسار**

**شیعری من دەربەدەرن یەک وشە دیوانی نەدی».** (٥٣)

زمانی وەک دارێک چوواندووە، پەلکەکانی کە بریتین لەڕاز و هەڵدەوەرن، ئاکامی هەڵوەرینەکە لای شاعیر بە (حەیف و خەسار) بەستراوەتەوە. ئەم دوو وشەیە پێمان دەڵێت، کە (حەیف) واتە شاعیر نەگەیشتووەتە مەبەستەکانی و (خەسار) بە فیرۆ چووە. ڕاستییەکەی کاڤێک (ڕاز) بە وشەکانی (هەڵوەرین و حەیف و خەسار) دەبەستینەوە، بەرەو دنیایەکی دیکەی واتا و لێکدانەوە و تێگەیشتن دەچین، تا دەگاتە ئەو ڕاستییەی بێژێت: شیعرەکانم دەربەدەرن و یەک وشە دیوانی نەدی.

(خەبات عارف)یش دەڵێت: شیعر خولْقاندنی دنیایەکی نوێ نییە لەودیو ژیانی واقیعیدا، بەڵکوو خولْقاندنی دنیایەکی نوێیە لەنێو ژیانی واقیع خۆیدا. ئەم خولْقاندنەیان گرنگترە، دەنا واقیع و ژیانی ئەودیوی واقیع هەن، بەو جۆرەی کە من لێی تێگەیشتووم نییە و ئەگەر شیعر لەگەڵ ئەو ژیانەدا خەریک بێت، لە وڕێنەکردن زیاتر بەرهەم ناهێنێ». (شاخەوان سەدیق، ١٦-٢-٢٠٢٢،

https://www.rudaw.net/sorani/culture/literature/160220203).

ئەگەر ئەمە بکەینە پێوانە بۆ لێکدانەوەی دەقەکانی نێو (فڕینی دوور) بۆمان ساغ دەبێتەوە، کە لەنێو واقیعدا ژیانێکی نوێ، وێنایەکی نوێ دروست دەکات، مەرج نییە ئەو کەرەستە و شت و وشانەی بەکاریان دەهێنێت، هەمان ئەو شتە سروشتییانە بن کە ئێمە دەیانبینین، ئەوە لەنێو واقیعدا بە دەیانی لەو جۆرە هەن.

خۆشەویستی پێوەندی بە چوار ماددەی سەرەکی هەبوونەوە هەیە وەک ئاو و خاک و ئاگر و هەوا، ئەگەر بەیەک بەستنەوەیەک لەنێوان خۆشەویستی و ئاگر بکرێت، ئەمە پێوەندی بە کۆمەڵگەی سەرەتایی و هەور و هەورەتریشقە و قۆناغی ڕاوچێتییەوە هەیە، هەروەها بەستنەوەی خۆشەویستی بە خاک و ئاو، پێوەندی بە دروستبوونی کۆمەڵگەی کشتوکاڵییەوە هەیە، ئەمەش پێوەندی بە کۆمەڵگەی کۆنی نێوان هەردوو ڕووبارەوە هەیە و لەڕێگەی نیگار و هەڵکۆڵراوەکان و دەقی سەرەتایی ئەمە بەرجەستە کراوە. سۆمەرییەکان و بابلییەکان و ئاشوورییەکان لەڕۆژهەڵاتی کۆندا گوزارشتی ڕەمزدار و هێماییان

بۆ خۆشەویستی بەکارهێناوە، یان لە پەرستن و ڕێوڕەسمی سێکسی پیرۆزەوە ئەنجام دراوە، تا دەگاتە ئەوەی (سیمۆئیل کریمەر) بڵێت ئامانجی یەکەمی پاشاکانی سۆمەر ئەوە بووە لە خواوەندی بەروبووم (ئینانا) جووتبوون و نزیک بوونەوە ڕوویدات. (شوقی بزیع، ٣٠ ینایر https://aawsat.com/%D8%AB%D9%82 %D8%A7%D9%81%D8%).

شیعر دەربڕینێکی سادەیە، ئەوەی لەئاخاوتنی ئاسایی جیای دەکاتەوە، دەستتێوەردانێکی ئەفسووناوییە لە زمانەکەی. وشەی شیعری و ناشیعری بوونیان نییە، ئەوە ڕستەی شیعرییە بڕیار دەدات، فڵان وشە شیعرییە، یان نا. (هاوسمان) گوتەنی: «شیعر ئەو شتە نییە کە دەگوترێت، شێوازی گوتنی شتەکەیە». بەلای (جان کۆهین)یشەوە شاعیر وشە دادەهێنێت، نەک فیکر. (حەمەسەعید حەسەن، ٢٠٢٣، https://hawlerweb.net/ /opinion/2023/08/61700).

لەم دەقانەی لەنێو (فڕینی دوور)دا دەیانخوێنینەوە، شاعیر شتەکانی داهێناوە و بە شێوازی خۆی دروستی کردوون و گوزارشتی لێ کردوون و وەسفی شتەکان و دۆخەکانی کردووە، لەنێو کۆمەڵگە نا، بەڵکوو لەنێو زماندا. ئەو شتەکان بە هیچ فیکرێکەوە نابەستێتەوە، خودی هەستە جوانە ناسک و تێڕوانین و ئینتیما بۆ سروشت و گوند و شاخ و دار و ژینگە و هەتا باڵندە و دەنگی با و دووکەڵی ئاگردان و پێچانەوەی جگەرە دەکاتە کەرەستەی وێناکردنی شیعری و تێڕوانینەکانی بۆ دیاردەکان.

## توخمەکان و ئەفسانە و شیعری نوێ

بەپێی ئەفسانە کۆنەکان (ئینانا) بە جۆشوخرۆشەوە هاوسەرگیری لەگەڵ (دێموزی) دا نەبووە، بەڵکوو بە جۆشوخرۆشەوە بووە بۆ ئەوەی لەژێر چاودێری ئەو جووتیارەدا بژی، کە میوەی پێ دەدات، بەڵام ئەو پێداگری (ئۆتۆ)ی برای خوداوەندی خۆر بوو، پێداگری لەسەر هاوسەرگیرییەکەی لەگەڵ هاوڕێ شوانەکەی دەکرد و لەهەمان کاتدا خواستی ئاشتیخوازانەی جووتیارەکەش بوو لەپێناو کشانەوە لەڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ توندوتیژی خوێناوی و دوورکەوتنەوە لە دۆخی وەها. لە ئاکامدا دەبینین بابەتەکە بەرەو کۆتاییەکی جیاوازی برد. ئەگەر هەرکەسێک پەیڕەوی ئەم جۆرە دەقە کۆنانە بکات، کە بۆ شاعیرانی سۆمەر دەگەڕێنەوە و شیعر و سروودیان بۆ ئاهەنگگێڕان بەبۆنەی هاوسەرگیری ئیلاهییەوە ئامادە دەکرد، دەبێت سەرنجی هاوتەریبی ڕەمزی نێوان ڕێوڕەسمەکانی خۆشەویستی و بەخێوکردن بدرێت، کە وێنەی پیاو، ئاو، یان چاندن، لەوێ لەگەڵ وێنەی ژن و تۆز و زەوی بەپیت و بەرەکەت جیاواز بوو. (شوقي بزيع، ٣٠ ينایر https://aawsat.com/%D8%AB% D9%82%D8%A7%D9%81%D8%).

من ناڵێم شاعیری (دوور فڕین) هەمان ڕێسا و میتۆد و تێفیکرینە کۆنەکەی لەنێوان خۆشەویستی و خاک و ئاو و با و ئاگر پەیڕەو کردووە، نەخێر، بەڵام خۆشەویستی (خاک) لەنێو دەقەکانیدا بە پێوەندییە جوانەکانی نێوان (هەست و بیرەوەری و گێڕانەوە و تێگەیشتن و بەکارهێنانی هێما و نیشانەکان) بەستراونەتەوە، لەپێناو گێڕانەوە و وێنای جوانی خۆشەویستی و خاک و گوڵ و بەفر و ئاو و دار و وەرزێر و جووتیار، لەپێناو خوڵقاندنی کەسێکی جیاواز لە واقیع، بە شێوازێکی تایبەت و بە وشەی

ناسکی تەڕ و پڕ لە واتا.

زۆر لەنێو دەقەکاندا گەڕام، چەند جارێک پێیاندا چوومەوە، لە چەند شوێنێکدا، مەبەستم لەنێو دەقە شیعرییەکانە نێوی (شار) هاتووە و دەڵێت:

**پێی بڵێن بێ، شاری شیعرم پڕ لە شێوەی شیرنە**

**چی دەکا فەرهاد ئاخر بەو کەژ و کێوانەوە؟**

(٣٢).

لە شیعرێکی دیکەشدا دیسان دۆخەکە بە (فەرهاد)ـەوە دەبەستێتەوە و دەڵێت:

**یەک دڵ کە بە شاریێ شەو و ڕۆژ لێیەوە دەدوێن!** (٦٣).

دەتوانم بێژم لە نموونەی یەکەمدا ئەو لە ژینگەی فەرهاد کە شاخ و سروشتی کوردستانە دەدوێت و دەیەوێت وێنەیەکی جیاوازمان لەنێو شاردا بۆ وێنا بکاتەوە، کە شاریش شیرنی زۆری تێدایە، ئەشقی تێدایە، بەڵام ئەو نەهاتووە وەسفی شار و شێوەی ژیان و پێوەندییە دەروونی و کۆمەڵایەتی و ئەخلاقی و سێکسی و چەوسانەوە و ئامێز و هۆکارەکانی بەرهەمهێنان و شێوەی ژیان و پێوەندی دەروونی و نامۆبوون و دابڕان لە نێو خودی شاردا بکات، ئەو دەڵێت (شاری شیعرم)، واتە شیعرەکەی بەشێوەیەک وەسف کردووە، کە وەک شار قەرەباڵغە و پڕە لە کەسایەتی وەک شیرین و ئەشق و جوانی.

لە نموونەی دووەمیشدا هەر لەو چوارچێوەیەدا دەخولێتەوە. پێمان دەڵێت یەک دڵ هەیە، بەڵام خەڵکێکی یەکجار زۆر بەقەد دانیشتوانی شارێک لێی دەدوێن، نەهاتووە بڵێ ئاواییەک، دێهاتێک لێی دەدوێن، چونکە ئەو لەم ڕێگەیەوە ئاماژە بە (ژمارەیەکی زۆر و گەورە) دەکات. کە دەڵێت شار، واتە (ژمارەیەکی زۆری خەڵک). سەرباری ئەوەی لەشاردا پێکهاتەی چینایەتی و ڕۆشنبیری و کۆمەڵایەتی و تەنانەت دەروونی ئەو خەڵکەش جیاوازن. هەموویان بەهەموو جیاوازییەکانیانەوە باسی ئەم تاقە دڵە دەکەن.

لەم نموونەیەدا بە شێوەیەکی جیاواز باسی شار دەکات و دەنووسێت:

**ڕۆژێک دادێ**

**ئێمە کەسمان لێرە نابین،**

**ئەم شارانە کەسی دیکەیان تێدایە**

**ئەم زەوییانە داری دیکە**

**ڕووبارەکان ڕێ دەگۆڕن**

**شەقامەکان ڕەنگ و ڕواڵەت**

**مێژوو، زۆری لەبیر دەچێتەوە**

**زۆر پەیمان هەن کە وادەیان بەسەر دەچێ**

**زۆر کۆیلە هەن، نەوەکانیان ئازاد دەبن**

**زۆر دوژمنی، سەرچاوەیان وشک دەبێ**

**خۆشەویستی گەلێک دڵدار**

**فیداکاریی گەلێک شەهید**

**لەسەر کێڵی قەوزە گرتوو**

**دەبن بە بەشێک لە مێژوو** (٨١).

گریمانەی گۆڕانکارییەکی گەورەی دیموگرافی و ژینگە و ژیان لەنێو شاردا دەکات، شتەکان هەموو دەگۆڕێن و لە دوماهیشدا دەبنە بەشێک لە مێژوو. بە دروستی بەکارهێنانی شار، واتا و پێشبینی و تێڕوانینێکی قووڵی بەرانبەر مەترسییەکانی ئایندەی گۆڕانکاری و ململانێ و چارەنووسی مرۆڤ وەک مرۆڤ نەک مرۆڤێکی خاوەن ناسنامەیەکی دیاریکراوی تایبەت تێدایە. پێشبینی، ڕەشبینی، نامۆبوون و بیرچوونەوە و بوونە بەشێک لە مێژووی.. تاد لەخۆ گرتووە. ئەو لێرەدا باسی چەمکی دوارۆژی گۆڕانکارییەکانی ژینگە و قەوارە و شێوەی ژیان و شار و ئایندەیی پێوەندییەکانی نێو شار و مرۆڤ و گۆڕانکارییەکان دەکات.

لە نموونەیەکی دیکەدا لە وەسف و وێناکردنی شاردا، نەیتوانیوە لە ئینتیمای بۆ (گەڵا و تینوێتی سەحرا) دەربازی بێت و دەڵێت:

**لێرە باران دایکردووە و**

**سەرتاپای شار چۆڕاوگەیە**

**بەڵام هێشتا لێوی وشکم تەمەننای ئەو گەڵاییە**

**کە تینوێتی سەحرایەکی گەورەی**

**لە دەروونیدا هەڵگرتووە.** (٨٥)

جارێکی دیکە، بەڵێ جارێکی دیکە و پێ دەچێت لە هەموو ساتێک و بیرکردنەوەیەک و وێناکردنێکی وێنە شیعرییەکانیدا لەنێو شار ناتوانێت خۆی لە شاردا ون بکات و بیر و خۆی لەنێو جوگرافیای شار دەرباز دەکات و بەم شێوەیە و لە ڕێگەی بەکارهێنان و کەرەستە و کەلوپەلی دەرەوەی شار (گوند، دارستان، شاخ و بنار و سنەوبەر و کێڵگەی تینوو.. تاد) دەگەڕێتەوە نێو سروشت، ئەمە سروشتی هەندێک لە مرۆڤەکان لەپێناو دەربازبوون لە نامۆیی و تەنیایی و ژاوەژاوی شار و پێوەندییە ژانگرتووەکان بۆ پاکی سروشت دەگەڕێتەوە. ئەو ئاوارەی شاری پێشکەوتووە، بەڵام لە بیرەوەری و وێناکردنی شیعر و گێڕانەوەکانیدا هەمیشە بۆ سروشتێکی پاک، جوان و بزوێنەر دەگەڕێتەوە، ئەمە دەمانگەڕێنێتەوە سەر بیرۆکەکانی ئەو فەیلەسووف و زانایانەی دەیانەوێت لەنێو سروشتدا تاک پەروەرد بکەن و هەست و زمان و پێوەندی و پێکهاتەی دەروونی و کەسییەکانی بە سروشتی و دوور لە کاریگەریی ئەوانی دیکەی گومانهەڵگر پێ بگەیەنن، ئەویش شیعر و خۆشەویستی و بیرەورییەکانی هەمیشە بە سروشتی دەرەوەی شار دەبەستێتەوە.

لە سەفەری سروود بۆ (جەمالی موفتی) شیعرێکی نووسیوە باسی شار ناکات، بەڵکوو وەسفی (ئەو کەسە دەکات) کە شیعرەکەی بۆ نووسیوە. لە دواییندێڕدا دەبێژێت:

**سروودەکەت لە گەرووی شارێک دەبیسترا.** (١٠١).

ئەگەر لەدیدێکی زمانەوانییەوە سەیری بابەتەکان بکەین بۆمان ڕوون دەبێتەوە کە «ئێمە گفتوگۆ دەکەین بۆ ئەوەی شتێک ڕابگەیەنین، هەروەها گفتوگۆ دەکەین بۆ ئەوەی گوزارشت لەخودی خۆمانیش بکەین» (محمد سبيلا وعبدالسلام بنعبد العالي، ٢٠١٠، ٦٤). بە واتایەکی دیکە شاعیر دەقێک بەرهەم دەهێنێت بۆ ئەوەی شتێک، یان پتر لە شتێکمان پێ ڕابگەیەنێت، لە هەمان گاڤیشدا گوزارشت لە خودی خۆی بکات. دەتوانین بڵێین شیعرەکان هەست و نەست و ناخ و بیرکردنەوە و توانایی و خواستی خودی شاعیرەکەن، هەروەها لە ڕێگەی ئەو گفتوگۆیەی دروستی دەکات شتێک و پتر لە شتێکمان پێ دەڵێت و لە بارەیەوە زانیاریمان پێ دەبەخشێت، پێشمان دەڵێت ئەمە گوزارشتە لە خودی خۆم.

لە شیعری (ئێستە خاکی بۆنخۆشی وێ) باشتر لەنێو قووڵایی هەستەکانی و واقیعێکی هەقیقیدا، وێناکردنێکی خەیاڵی نوێمان بۆ دروست دەکات، وەک ئەوەی پێمان بڵێت (ئێرە شیعرە، نیشتمانە، لەنێو زماندا بینای خەیاڵ و خواست و ئارەزووە دەروونی و فیکری و کۆمەڵایەتی و ئابوورییەکانیشمان دەکەین). شاعیر بەم شێوەیە وەسفی شارمان بۆ دەکات:

**لەم شارەی سەهۆڵ و**

**لەم شارەی کرێوەی بێدەنگ و**

**لەم شارەی تەنیایی بەرباران؟**

**لەماڵی خامۆشی و چاوانی چاوەڕێ و**

**لە ماڵی هەناسە و هەنسکی بەیانی و**

**لە ماڵی گریانی ئێواران**

لـە درێـژەی ئـەم شـیعرە لـە بەشـێکی دیکـەدا دەڵێـت:

**گیانەکەم!**

**من لێرە بوومەتە**

**شەپۆلی گۆلاوی تۆف و ئاخ**

**من لێرە بوومەتە**

**بەلەمی چەقیوی کەناری دەرد و داخ** (١٠٦)

لـەدوای ئـەم وەسـفە بـۆ شـار و پێوەندییـە دەروونییـەکان بـۆ شـوێنێکی دوور دەگەڕێتـەوە، بەڵام ئـەم جارە لەنێو شارێکی ڕاستەقینەدا بەرەو شـوێنێکی خەیاڵـی نێـو بیرەوەرییەکانـی دەفڕێـت. جیهانێکـی جیـاوازی سـادە و سروشـتێکی پـاک و نیشـتیمانێکی دیکـەی جیـاواز، نیشـتمانێک، کـە جیاوازی نێوان ژیان و هەست و نامۆیی و بیرکردنەوە لەنێوان شار لـە ئاوارەیـی و گەڕانـەوە بـۆ سروشـتی لادێ و شـاخ لـە نیشـتماندا و ئـەم چەشـنە دەقـە مەبەسـتی (هەقیقـی و ناهەقیقـی) نییـە، بەڵکـوو دەیەوێت (ڕاستگۆیانە، یـان درۆزنانـە) شـتێکمان پـێ ڕابگەیەنێـت، لەکاتێکـدا شـیعر هەمیشـە ڕاسـتگۆیە، هەتـا ئـەو وێنـا خەیاڵییانـەی دروسـتی دەکات، پشـت بەڕاسـتگۆیی دەبەسـتێت و شـاعیر دەڵێـت:

**دڵی من لەوێیە**

**ئەو خاکەم خۆش دەوێ**

**هەتاو و سێبەر و ئەو شاخ و دەشتانەی**

**ئەو خەڵکەم خۆش دەوێ**

**هەناسەی پیاوانی ئەفسووس و**

**فرمێسکی ژنانی حەسرەت و**

**«چاوانم کوێر بێ!» «دەستم بشکێ!»**

**چاوی تەڕ و دەستی ماندووی ئەو ژنانە و ئەو پیاوانە**

**هەموو ڕۆژێ،**

**دڵی من دێتەوە ئەوێ**

**هەموو ڕۆژێ تفلی دڵم گڕوو دەگرێ**

**ئەوێی دەوێ.** (١٠٧)

شـاعیر ڕاسـتگۆیانە و بەشیوەیەکی سادە گفتوگۆ لەگـەڵ وەرگرەکانـی خـۆی و خوێنەرەکانـی دەکات و پێیـان دەڵێـت دەزانـن مـن هەمـوو ئـەو شـتانەم خـۆش دەوێـت، گوزارشـت لـە ناخـی خـۆی دەکات. ئـەو بـە جەسـتە لەنێـو ئینتیمـا و ناسـنامەیەکی جیـاوازی نوێـی ئـاوارە و تەنیایـی شـارە، بـەڵام دڵـی لەوێیـە، دڵـی هەمـوو ڕۆژێ لەوێیـە، لـەوێ (نیشـتمان، شـاخ و دەشـتایی)، سـادەیی خەڵـک و زمانـی شـیرینی سروشـتی خەڵکەکـەی خـۆش دەوێـت کـە دەڵێـن «چـاوم کوێـر بـێ و دەسـتم بشـکێ». ئـەو نـەک هـەر بیـری لای خەڵکەکـە و ژنانـی حەسـرەت و پیاوانـی ئەفسووسـە، بەڵکـوو بیـر و هـۆش و ئینتیمـای لای بەکارهێنانی شـێوەی زمانەکەشـیانە، کـە زمانـی ئاسـایی و دەربڕیـن و گوزارشـتی خەڵکـی سـادەی شـاخ و دەشـتاییەکانە، بـە واتـای ئـەوەی (گوندنشـین، یـان ئەوانـەی لـەدەرەوەی شـار لـە نیشـتمان دەژیـن و خـودی شـاعیر بیـرەوەری لەگەڵیانـدا هەیـە. گێڕانـەوەی ڕۆژانێکـە کـە لەبیـری ناچێـت).

## فڕین و گەڕانەوە بەرەو سروشت

ئـەو سروشـتی جوانـی سـادەی نیشـتمانەکەی وەک (لایکـوف و جونسـون) ئاماژەیـان بـۆ کردووە «مەزەندەکانمـان بڕیـاردەری بیرکردنەوەکانمانـن، کـە تەنیـا سروشـتێکی ڕۆشـنبیرییان نییـە، ئـەو بڕیـار لەسـەر نەریـت و ڕەفتـارە ڕۆژانەییـە سـادەکانیشـمان دەدەن». (محمـد سـبيلا و عبدالسلام بعبد العالي، ٢٠١٠، ٨٢)، بۆیە ئاساییە مەزەندەکانـی شـاعیر، بەشـێک لـە دەربڕیـن و نمایشـی ڕەفتـار و نەریتـی سـادە و ئاسـایی ڕۆژانـەی خـودی خۆشـی بێـت، دەبینیـن لـە زۆر شـوێندا ژیـان لەنێـو زۆر وشـەدا هەسـت پـێ دەکرێـت و مەزەندەکانیشـی هەسـت پـێ دەکرێـت،

کە شاعیر بە ژیان و ژینگە و دۆخ و توخمەکانی ژیانی پەیوەست بە سروشتی سادەی شێوە ژیانی لادێ و شاخ و دەشتاییی دەبەستێتەوە، و بۆیە ئاسایییە ئەو شتانەی خۆش بوێت و لە زۆر شوێندا ناوی ناوە نیشتمان. بێگومان لای خوێنەرێکی کورد بەهۆی واقیعی داگیرکاری و دابەشکردنی خاکی کوردستان دەکرێت نیشتمان هەم بە ئێران و هەم بە کوردستان لێک بدرێتەوە، لەنێو نیشتمانی زمانەکەدا کە کوردییە مەبەست کوردستانە، من گومانم نییە لەوەی وەسفی شوێنەکان، دار و گوڵ و چۆلەکە و با و بەفر و وەرزێرەکانیش بریتین لە کوردە گوندنشینەکانی بناری شاخ و کێوەکانی کوردستان، واتە خۆشەویستی لەنێوان (خاک و مرۆڤ)، (مرۆڤ و ئاو) و (مرۆڤ و ئاگر) و (مرۆڤ و ئاووهەوا و کەش و ژینگە)یە، ئەمە ڕەفتار و نەریتی ڕۆژانەی خودی شاعیرە وەک فڕین و گەڕانەوە بۆ ئەوێ ڕۆژێکی دوور، دوور و لەپێشەکی دیوانەکەیدا وەک بیرەوەری بەچڕی دەیگێڕێتەوە.

ئەو ئەم خۆشەویستییە بە تەکنیکە کۆنە باوەکە بەکار ناهێنێت، بگرە وەک شاعیرێکی مولتەزیمی ئەدەبی بەرەنگاری نانووسێت، ئەو لەگۆشەنیگایەکی فیکری دیاریکراوەوە سەیری دیاردە و پێشهات و ئاکامە هەڵبژێراوەکان ناکات، ئەو هیچ سنوورێک لەنێوان مرۆڤەکان ناهێڵێتەوە، ئەو تەنیا شیعر دەنووسێت، چونکە نووسینی فیکرێک لەنێو شیعردا جیاوزە لەخودی شیعرەکە وەک کلێشە و شێوە و فۆرم.

لە شیعرێکدا دەڵێت:

**لە عیشق، لە جوانی**

**کە دەگرین لە دووری و لە ژانی.....**

ئەوجا بەم دێڕە شیعرەکە کۆتایی پێ دەهێنێت:

**نەجارێک دڵداری بە مراد، لێی بیستی، کە: ئۆخەی!**

**نە جارێک کەس بیستی بۆ ژنێک بڵێی ئاخ!**

**ئەم دەشتە تاقەتی بەسەر چوو، لەسەبر و بێدەنگی**

**تۆ ئەی شاخ!** (١١١)

لەنێو ئەم هەموو پێوەندییە ڕوحییەی لە نێوان عیشق و دڵداردا دروست کراوە، کە لە کۆتاییدا دەگەڕێتەوە دەشت و شاخ. مرۆڤ هەمیشە خەون بەو شوێنەوە دەبینێت، کە تێیدا ڕەگی بیرەوەری و بوونی دروست دەکات.

شاعیر هێندە پێوەندییە خودییەکانی چووەتە نێو دنیای جووتیار و وەرزێرەکانی دەشت، من لای خۆم وەک خوێنەر ناچار دەبم بەشێکی زۆر قسەکردن و شیکردنەوەکانم بەو هەست و تێڕوانین و ئینتیمایە ببەستمەوە، شاعیر دەبێژێت:

**ئێستە لەو دەشتانە**

**جووتێر و دەشتەوان دەمناسن**

**ئێستە لەو شاخانە**

**سبەینێ و ئێواران دەمناسن**

**سپێدە پێم دەڵێ «ڕۆژت باش»!**

**ڕێگاکە بانگ دەکا**

**تۆ لەکوێی!**

**ئەستێرە پێم دەڵێن «بەخێر بێی!»**

**من ئێستا بەشێکم لە ڕێگا،**

**بەشێکم لە خاک و لە کانی و**

**بەشێکم لە**

**ئاسمان.**

**من ئێستا نامۆ بووم لە بزە و**

**گریە و**

**تەنیایی**

**یەک ئینسان.** (٩٤).

پێش ئەوەی هەر چی بڵێم شاعیر زمانی

داوەتە (ڕێگە) و (سپێدە) و (ئەستێرە)، واتە سێ شتی ماددی بێ ڕوح و زمان گفتوگۆی دەگەڵدا دەکەن و پێی دەڵێن (ڕۆژی باش) و (لەکوێی) و (بەخێر بێی). پێمان سەیر نەبێت کە شیعر دەتوانێت هەموو شتێک بگۆڕێت و زمان بە سپێدە و ڕێگا و ئەستێرە ببەخشێت. لەم وێنە شیعرییە پڕ لە هەست و دەروونە مرۆییە، ئەو باس لە (نامۆبوون و تەنیایی یەک مرۆڤ) دەکات، ئەو نامۆیە لە (بزە و گریە و تەنیایی)، کەچی بیرەوەرییەکانی دوور، دوور دوور دەفڕن باڵی پێ دەگرنەوە و بەخەیاڵ دەیبەنەوە نێو سروشتی پڕ جووڵە و شتەکان بە زمان دێن و لەگەڵی دەکەونە گفتوگۆ. ئەو ناچێتەوە شار کە تەنیایی و گریە و نەبوونی بەزەیی تێدایە، دەچێتەوە لای (جووتێر و دەشتەوانەکان)، ئەوان سبەینێ و ئێواران، هەموو کاتێک دەیناسنەوە و لەگەڵی دەئاخڤن و دەگەڵیدا گفتوگۆ دەکەن، واتە ئەو لەوێدا تەنیا و نامۆ نییە، نەک هەر لەبەر مرۆڤەکان، بەڵکوو سروشتیش قسەی لەگەڵ دەکەن و تەنیایی دەڕەوێننەوە. مەبەستی من لەم شیکردنەوەیە ئەوەیە خۆشەویستی شاعیر بە سروشتی دەشتایی و شاخ و پێوەندییە گەرمەکانی جووتێر و گفتوگۆ و ناسینەوەکانیان بۆ ئەو بەستراوەتەوە، بریتییە لە خۆشەویستی، کە (نامۆبوون و تەنیایی) تێدا نییە.

## ئەشق و ئاگر و ئاو و خاک

لە دەقە کلاسیکییەکاندا گەڕانەوە و پێوەندیی ئیشق و خاک، ئیشق و ئاگر و ئاو و پێوەندییە کۆمەڵایەتییە کشتوکاڵییەکان جیاوازن، ئەوان باسی خواوەندی پیت و هات و بەرەکەت و باران و گەشەکردن و نان دەکەن، بەڵام لای (ناسری حیسامی) ئەشقی (بەیانی باش و ئێوارە باشی ئەستێرەکان و ناسینەوەکانی ئەوانە)، کە (نامۆیی و تەنیایی) ناهێڵن. ئەم گەڕانەوەیە وەک چارەسەرێکی دەروونی و ئەخلاقی و ویژدانی و گەڕانەوە بۆ ئینتیما لەگەڵ (دەشت و شاخ و جووتێر و ئەستێرەکان و سروشت) بەکارهێناوە و لە کردەوەدا گەڕانەوەیە بۆ ئەشقی مرۆڤ لەگەڵ سروشت و جوانی و ناسین و سڕینەوەی تەنیایی.

لە دەقی (دڵشکان)یشدا پەیامی گوتارەکەی بریتییە لە (گیانی مە پڕپڕە/ لە جێ پێی غەریبی و دڵشکان)، دیسان ئەو پێمان دەڵێت، ئەم دۆخەی ئێمە هەنووکە تێیدا دەژین، بریتییە لە غەریبی و دڵشکان، ڕێک لەم وێنە شیعرییەدا ئەو شتێکی بەرجەستە کردووە و لەم ڕێگەیەوە دەمانگێڕێتەوە بۆ ئەوێی دوور. جارێکی دیکە مەبەستم ئەوەیە بڵێم شاعیر لەزۆر دۆخدا هەست بە (نامۆیی و تەنیایی و غەریبی و دڵشکان و دابڕان و تاکەکەسی و گۆشەگیری لەنێو شاردا دەکات)، بۆیە بیری بەرەو ئەوێ، ئەوێی پڕ لە ئەوین و جووڵە و زۆریی خەڵک و جووڵەی کەرەستە و شتە ماددییەکان و بوونی کەسانی دیکە و ژیانێکی پڕ لە بزاڤ دەگەڕێتەوە. لەم واقیعە ڕاناکات، بەڵام دەیەوێت هەموو ناسۆرییەکانی ئێستای بە بیرەوەرییەکانی ئەوێ ڕۆژێی دەشتاییەکان لەگەڵ دەشتەوانەکان و وێنەی جوانی شاخ و بزنەڕێ و هێلی ڕێی شوانەڕێ و وێنە سریالییەکانی دەغڵ و ڕەوی مامز و شەقاری دەستی جووتێر سووک بکات و ئارامی بە دەروون و مێشک و ناخۆشییەکانی ئێستای ببەخشێت، بۆیە دەڵێت:

**لە چەشنی قەدپاڵی شاخی پیر**
**کە پڕە لە هێلی شوانەڕێ و**
**لە ڕێگەی هاتوچۆی ڕێبوار و دەشتەوان،**
**لەچەشنی دەغڵێکی ڕێ ڕێ بوو**

**به ڕەوی ڕەوەیەک مامزی هەراسان،**
**لە چەشنی شەقاری سەر پێ جووتێری دێمەکار**
**لەڕەنگی زامێک کە**
**سوورەتاو**
**لەزار بیخاتە سەر گۆنای کەنیشکان،**
**بەو چەشنە**
**گیانی مە پڕپڕە**
**لەجێی پێی غەریبی و دڵشکان.** (٧٦).

لە شیعری (سەرما)دا، (ناسری حیسامی) جارێکی دیکەش لە دوور فڕیندا شیعر، یان دنیای شیعر بە دۆخ و ژینگەی ئەوێی ژیان و پێوەندیی جووتیاران و دەشت و دێهاتەوە دەبەستێتەوە. من لام وایە شاعیر هێندە لەزەت لە سروشت و جوانی و پێوەندییە مرۆییە سادە و ئاشکراکانی دێهات وەردەگرێت، هەتا لەنێو شاریشدا و لەنێو شیعرەکانیدا ناتوانێت لەم کاریگەری و پێوەندی و ئەشقە لەگەڵ سروشتی دەشتایی و گوند و جووتێر و وەرزێردا هەیەتی دابڕێت. لەم شیعرەدا دەبێژێت:

**هەتا باغێک هەبێ، غونچەی بپشکوێ**
**مەلێکی دێتەسەر، تا بۆی بخوێنێ**
**ئەگەر چی پیرە ئەم جووتێرە، هێشتا**
**لەدەستی دێ کە تۆوێک دابچێنێ**
**پەنایەک هەر دەبێ بۆ دڵنیایی**
**ئەوینێ، گەرمەتینێ، خەمڕەوێنێ**
**بەڵام لەوەرزی سەرما و سۆڵە چ بکەم**
**لە سینەمدا شیعر گەرمای نەمێنێ؟** (٤٧).

شیعر وێناکردنەوەی واقیعە لەنێو واقیعێکی نوێی جیاوازدا، کە بەخودی واقیعەکەوە بەستراوەتەوە. سینەی ئەو وەرزی ساڵ نییە، تا ئەم گەرما و سەرمایەی تێدا جێ ببێتەوە، بەڵام ئەو لەپێناو دروستکردنی وێنەیەکی شیعری جیاواز و گۆڕینی واقیع بە واقیعێکی نوێی جیاواز دەڵێت لە سینەمدا شیعر گەرمایی نامێنێت، ئەو پرسیار دەکات، ئایا چ دەبێت، کە ئەو گەرمایە لەنێو جەستەی منی شیعردا ئەم جیهانە سارد و سڕە نەمێنێت، ئەگەر شیعر گەرمایی نەما چ دەقەومێت و دەبێت پێشبینی چ بکرێت. ئەو لە نێو کەشێکی جووتیارانەدا واقیعی شیعری خۆی دەبەستێتەوە بە شتەکانی دیکە و سروشتی (دەرکەوتنی خۆرێک لە ئاسۆ و پشکووتنی خونچەیەک و پیری جووتیارێک و پەنایەک بۆ دڵنیایی و سەرما) ئەم جیهانە جیاوازەمان بۆ دروست دەکات، کە بریتییە لە گەشبینی (شنەی بایەک ئومێدێک هەر دەهێنێ، مەلێک دێت، تۆوێک داچێنێ، ئەوینێ، گەرمەتینێ، خەمڕەوێنێ) دەربکەون، واتە لە سنووری ڕەشبینی بۆ ئاقاری گەشبینی دەپەڕێتەوە. شاعیر لەیەک کاتدا جیهانێکی (ماندوو، شکان و دابڕان لە هیوا و پیربوون و سەرما) و دنیایەکی دیکەی جیاوازی وەک (خەمڕەوێن و پڕ لە ئەوین و گەرمەتین) بینا دەکات.

لە شیعری (ڕاز)یشدا شاعیر ناتوانێت لە دنیای ئەو پێوەندییە سروشتییەی لەگەڵ وێناکردنی فیکری ئێستای هەیەتی و دەیان بەستێتەوە بە (دنیای وەرزێر و دێهات) و دەڵێت:

**تۆوی ئاواتی گەلێک چاندبوو وەرزێری ئەوین**
**بەختی نەیکرد، گوڵەگەنمێکی لە خەرمانی نەدی**
(٥٢).

### فڕینەوە بۆ ژینگەی لادێ

جارێکی دیکەش، دەگەڕێمەوە نێو ئەو فڕینە دوورەی شاعیر بە وشە و وێنەی شیعری و تێڕوانینەکانی دەمانباتەوە نێو ئەوین و خۆشەویستی، ئەو چاندنی تۆوی ئەوین بە (وەرزێر) و (گوڵەگەنم)

دەبەستێتەوە، بۆیە دەڵێم پێوەندییەکی ڕوحی لەنێوان ئەشق و جیهانی سادەی سەردەمی کشتوکاڵیدا هەیە. ئەشقێکی سروشتی کە پێوەندی بە چوونە نێو ڕەهەندەکانی ژیان و بەرهەمهێنان و پێوەندییە سادە و دوور لە تۆڵە و ڕقی نێوان مرۆڤەکان و چینەکانی شار و ململانێی چینایەتی هەیە. سەرباری ئەشق بۆ سەرچاوە سروشتییەکانی ژیانی وەک (باران، ئاسمان، ڕۆژ، گەنم، چاندن، بەفر، شاخ، دەشتایی، باغ، شوانکارەیی، ئاژەڵ، ڕەوە مامز... تاد) لەڕێگەی فرینێکی دوور دوورەوە دەگەڕێتەوە.

(فریدریش هیگڵ) بە وردی سروشتی فیزیکی و پێوەندییەکانی نێوان خۆشەویستانی لە سەردەمی کۆندا لەبەرچاو گرتووە. ئەو خۆشەویستی ڕۆمانسی لای کۆنەکان ڕەت دەکاتەوە، بەڵام لە باسی شیعری (سافۆ) «کوڵانی شەهوەتی خوێنی کوڵاو نیشان دەدات» و لە پەیکەری ڤینۆس «هەستی ناوەوەیان دەرنابڕێت»، بۆچوونەکانی باشتر پشت ڕاست دەکاتەوە، ئەمە بەو واتایە نییە پێوەندییە کۆنەکان لە ڕەهەندێکی سۆزداری و ڕوحی بێبەشن، نەخێر ئەمە بەو واتایەش دێت، کە لە کۆمەڵگەی کشتوکاڵیی سەرەتاییدا، لەوێ خۆشەویستی ڕەهەندی پراکتیکی و بەکردەوەی وەردەگرێت و ئەمە لەنێو شیعر و هونەریشدا هەیە. ڕاستییەکەی لەنێو ئەفسانە یۆنانییەکاندا شتێک هەیە کە بەرزکردنەوەی بێکۆتایی خۆشەویستی ڕوحی ئاشکرا دەکات.(شوقي بزيع، ٣٠ يناير https://aawsat.com/%D8%AB%D9%82 %D8%A7%D9%81%D8% ).

لە شیعری (گەڕانەوە)شدا ئەو ناتوانێت لەم دنیایەی وەک پێوەندییەکی ڕوحی لە ناخی وشەکانیدا پتەو پتەو چوونە نێو ڕوحی پەیڤین و گوزارشت و دەربڕینەکانی دەیەوێت پێمان بڵێ، کە هەرچەندە دووریش بێت، بەڵام بڕیاری داوە هەر دێتەوە، بۆ کوێ؟ بۆ ئێرە. دیار نییە ئێرە کوێیە، بەپێی مەزەندە و گریمانەی منی خوێنەر زێدی خۆشەویستی و پێوەندییە ڕوحییەکانیەتی کە لەپێشەکی بیرەوەرییەکانی لەم دیوانەدا باسیان دەکات و دەڵێت:

**تەمی دووکەڵ لەو مەزرایە هەر دەڕەوێ**
**لەگەڵ کەوێک هێلانە دادەنێمەوە**
**وەکوو بەفری بەر سوورەتاو بتوێمەوە**
**وەکوو شەتاو بەو دەشتەدا هەر دێمەوە** (٦٠).

لە شیعری (بۆ شمشاڵێکی تەنیا) دەڵێت:

**نازانم تۆ ئێستە لە کوێی**
**لەکام تاقەی ماڵە شوانی**
**نازانم چۆن بەڕێی دەکەی**
**شەو و ڕۆژی چاوەڕوانی!** (٦١).